# ڕادۆڤان ئیفسك ..
# دواهەمین سوریالست

و/هێمن مەحمود

دەتوانین بە دڵنیاییەوە ئەوە بڵێین كە هیچ نوسەرێكی سوریالست نیە بەقەدەر ( ڕادۆڤان ئیفسك ) ی ئەدیب كە بەرهەمە شیعری و شانۆی و چیرۆكەكانی ڕێگایان لێگیرابێت و نەهێڵرابێت بلاو بوبێتەوە.

هەربۆیە دەبینین ئەو كۆمەڵە شیعرییەی ئەم نوسەرەكرواتییە عینادە كە بەم دواییە لەلایەن خانەی بلاوكردنەوەی ( گالیمار) ی فەرەنسیەوە بلاوكرایەوە, دواهەمین نوسەری سوریالستی وەبیر خستینەوە كە بەدرێژایی ژیانی سوربوە لەسەر نوسینە سوریالییەكانی سەرەڕای ئاوابونی ئەستێرەی ئەم ڕەوتە ئەدەبییە و مردنی زۆربەی پێشڕەوانی .

وەك بەدیاردەكەوێت زۆربەی بارودۆخەكان لە بەرژەوەندی چلاكییەكانی ئەم نوسەرە خاوەن بەهرەدا نەبوە هەرلەدایك بونییەوە لە ساڵی 1921 لە شارۆچكەی ( زغرب ) .

ئەو كاتانەی كە دەستی كرد بە شیعر نوسین دەبینین بەرهەمەكانی لەلایەن داگیركەرانی نازییەوە كە وڵاتەكەیان داگیركردبوو ڕێگای لێدەگیرێت و حكومەتی ( بافیلیك ) ی فاشی ش هیچ نەرمیەك لەگەڵ نوسینەكانیدا نانوێنێت , هەركە بارودۆخیش دەگۆرێت دەبینین ڕژێمی شیوعیەتیش بەرابەرایەتی ( تیتۆ ) دەمی پێدادەخەن ,و دەزگای چاودێریش بە شوێن بەرهەمەكانی دەكەون و لەهەركۆییەك بەرهەمەكانی بدۆزنەوە ڕێگای لێدەگرن , ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەو بەرهەمانە جۆریكن لە ( ئەدەب و هونەر و فیكری( المنحك ) ) .هیچ بەڵگەیەكیش لە ڕوداوەكەی ساڵی 1942 باشتر نییە , هەركە ( ڕادۆڤان ) لەو ساڵەدا قەسیدەی ( الولاده ) بلاو دەكاتەوە دەزگای چاودێری لە كتێبخانەكان دەیكێشێتەوە .

لەساڵی (1945) یشدا مەدحكەرەكان و تەپڵ لێدەرەكانی ( واقیعیەتی ئیشتراكییەت ) بۆ ماوەی ( 30 ) ساڵی لەسەر یەك دەرگاكانی هۆڵی شانۆییە نیشتمانییەكانی بەڕوودا دادەخەن .

لەگەڵ ئەوەشدا نوسینە سوریالستەكانی لە بێدەنگی شەودا كەیەك بەسەر یەكدا كەڵەكە دەبوو سەرەرای ئەوەش كە بە زمانی ( كرواتی ) نوسرابو ڕێگای خۆی بەرەو ڕۆژئاوا دەكاتەوە ,وەك ( نصل السهم الناري ) و ( تحت جنح الظلام ) و ( احمر مثل البهجة ) و ( حلم القشرة ) ..

( ایتان هوبیرت ) **كە** پێشەكی بۆ ئەم كۆمەلە شیعریيە نوسیوە دەڵێت " ڕادۆڤان وەك حەیوانێكی گەورەی ( الابل ) وەهایە كە كتوپڕ لە پشت دار سنوبەرێكی گەورەوە بە چاوە بێدەنگەكانییەوە دەردەكەوێت و وەك ئەسپێكی ( جامح ) دەیەوێت لە واقیعە ڕۆژانەییە تێكدراوەكەدا بە شداری حەقیەقەت بكات ".

بەڵام كرداره قاسییانەی كە دەرهەق بە ( ڕادۆڤان ) كرا وەهایان لێنەكرد كە واز لەڕەوتی سوریالیەت بهێنێت , بەڵكو وەهایان لێكرد كە زۆرێك لە كارەكانی سوریالستەكان وەربگێرێت بۆ زمانی كرواتی , وەك نوسینەكانی ( جان جاك رۆسۆ ) و شانۆییەكانی ( مۆلیر ) و بەرهەمەكانی ( میترلینك ) و ( ماریفو ) و ابولونیر ) و ( بریتون ) و ئەوانی دیكە .

وەئەگەر كارەكانی زەردەخەنەی ئازار و ( مراره ) ی خستبێتە سەر لێوانی خوێنەرەكانی لە وولاتانی ڕۆژئاوایدا , ئەوا بە شانۆگەری ( الملك غوردوكان 1942 ) ناوبانگێكی جیهانی پەیداكرد و وایكرد كە ( اندریه بریتون ) دەربارەی بڵێت " ئەوە روداوێكی شانۆیی سوریالی گەورە و ناوازەیە " .

بەڵام لەسەر تەختەی شانۆییەكانی فەرەنسا هەتاوەكو ساڵی ( 1959 – 1960 ) نمایشنەكرا .

لەو كاتەشەوە ( ڕادۆڤان ) لەسەر نوسینە سوریالستەكان بە زمانی فەرەنسی بەردەوام دەبێت , دوای ئەوەی لە ساڵی 1954 لە ژێر دەسەلاتی یوگسلافیەكان هەڵدێت و بۆ یەكجاری ڕوودەكاتە فەرەنسا و لەلایەن هەریەك لە ( اندریه بریتون ) و ( بنجامین بیریه ) وە بە گەرمی پێشوازی لێدەكرێت و زۆر بەچالاكانە بەشداری چالاكیەكانی سوریالستەكان دەكات لەو كاتدا .

سەرەری مردنی ( اندریە بریتون ) و زۆرێک لە پێشڕەوانی ڕەوتی سوریالست , ( رادۆڤان ) وەک کەسێکی ئەمین بۆ ئەو ڕەوتە ئەدەبیە مایەوە و لەگەڵ هاوڕێکەیدا ( کولدفاین ) و ( انی لوبراون ) کە دواتر دەبێت بە ژنی لەگۆڤاری ( الان ) ی فەرەنسیدا کارە سوریالستیەکانی خۆی بڵاودەکردەوە .

ئەگەر ( ڕادۆڤان ) هەموو جار ئەوەی دووپاتکردبێتەوە کەوا وا سەیری شانۆی کردوە کە شوێنێکە بۆ شاعیریەت بون , ئەوا پابەندبونە سوریالیەکەی لە بواری دراماداا ئەوەی پێدەبەخشێت کە نازناوی دواهەمین سوریالستی بداتێ .

---------------------------------------------------------------------------------

سەرچاوە /ڕۆژنامەی ( الاتحاد ) .